"فرانکفۆرتەر ئەلگەماینەر" "هێرالد تریبوون" (ئەمریکا) "فیگارۆ" (فەرەنسە) و، گەلێک رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنی دیکەی ئەوروپا و ئەمریکا و ولاتانی جیهان، وتار و شرۆڤەی سیاسییان سەبارەت بە هۆکارەکانی وتووێژی نێوان کورد و دەوڵەتی ئێران، بلاوکردەوە.

**لێرەدا کورتەیەک لە نووسینی "گامینگ بروس نیکۆلاوس"ی ئینگلیزی بەنموونە دێنینەوە کە لە رۆژنامەی "دەیلی تێلێگراف" دا بلاویکردووەتەوە:**

«دوێنێ، دەوڵەتی ئێران لە میدیایەوە رایگەیاند کە مافی کوردان بەرەسمی دەناسێ. وادەردەکەوێ کە ئایەتوڵلا خومەینی لەسیاسەتیدا سەبارەت بە سەرکوتکردنی کوردان، هەڵوێستی خۆی گۆڕیبێت. لە گەرمەی وتووێژی نێوان کوردان و شاندی دەوڵەت، دوێنێ شەو هەواڵی تێکەڵچوونێکی گەورە و گران لەنێوان هێزی پێشمەرگە و پاسدارانی ئێران لە شاری کوردنشینی "پاوە" بلاوبووەوە. دوێنێ دەستەی نوێنەرێتیی ئێران کە لە بەڕێز هاشم سەباغیان وەزیری نێوخۆ و، بەڕێز داریوش فروهەر وەزیر لەکاروباری ستانەکان پێکهاتبوون، گەیشتنە شاری مەهاباد ... **سەباغیان رایگەیاند: "ئامادەیە تا سەبارەت بە پرسی ئۆتۆنۆمی، لەگەڵ شێخ عیزەدین حسێنی و دوکتور قاسملوودا وتووێژ بکات. هەروەها بەڕێز فرووهەریش گوتی: "داخوازیی کوردەکان** یاساییە و، دەبێ جێبەجێبکرێت....» .

هەر لە یەکەم دانیشتنی شاندی کورد و رژێمی ئێران لە مەهاباد، نوێنەرەکانی ئێران جەختیان لەسەر ئەوەکرد کە نابێ کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و چریکی فیدایی لە کۆبوونەوەکاندا بەشداربن، چۆنکە ئەوانە کۆمۆنیستن، دیارە راستیانندەدەکرد و، کۆمۆنیستبوونی ئەو دوو رێکخراوەیە کۆسپ نەبوون بۆیان، چۆنکە رژێم خۆی لە تاران و لە ئاستی هەموو ئێراندا هاوکاری نێزیک و توندوتۆڵی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێرانیی سەر بە رژێمی کۆنە سۆڤێتی هەبوو، کە کۆنترین و بەنێوبانگترین حیزبی چەپە لە ئێران، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان، هەروەک گوترا، تێکدانی پێکهاتەی شاندی کوردی بوو کە بەسایی ئەبەردی دلێرانەی پێشمەرگە و پشتیوانیی گەرموگوڕی جەماوەرەوە هاتبووەدی.

رژێمی ئێران، بۆ پەروەردەی جەنگی و وەرەپێدانی دووبارە و رێکخستنەوەی هێزەکانی لە کوردستان، پێویستی بەکات و دارشتنەوەی پلانێکی نوێ و بەربلاوتر بوو. بە هیچ جۆرێک بروایان بەوە نەبوو کە مافی ئۆتۆنۆمی، یان ئەوەی خۆیان دەیانگوت **"خودگەردانی"**، کە خەلک بە گاڵتەوە دەیانگوت (سەرگەردانی)، بدات بە کورد، یان بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران. چۆنکە ئەو رژێمە، بەو پێکهاتە و جهانبینی و ئایدیۆلۆژییەوە، نەیدەتوانی لەگەڵ دیمۆکراسی و ئازادی و یاساکانی پەسندکراوی مرۆڤایەتیدا خۆیگونجێنێ. چاوکانی قانوون و سیاسەت و جهانبینییەکەی لەسەر خاڵی بنگەهینی "وەلی فقیە" دامەزرابوو. ئێستەش هەروایە و، تا ئەو رژێمە لەسەر دەسەلات بمێنێت، کورد رووی خۆشی و ئازادی و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێت. بۆیە ئەو کات و ئێستاش، وتە و نووسراوەی هێندێک کەس بەتایبەتی لەنێوخۆی ولات، کە دەڵێن: **"لایەنی کوردیش تاوانبار بووە لە هەڵگیرساندنی شەڕ لە کوردستان"**، وتەیەکی ناراست و ناڕەوایە.

بۆ رۆشنبوونەوەی زیاتر با پێکەوە **نووسینی سیاسەتکار و ئەندامی کۆنی سەرکردەیەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان - کاک سەنار مامەدی** بخوێنینەوە کە ماوەیەکی کورت، پاش گەڕانەوەی خومەینی لە پاریسەوە بۆ ئێران، شاندێکی رەسمیی لە سەرکردەیەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، دەچن بۆ "قوم" (ڤاتیکانی شیعەکانی جیهان)، بۆ دیداری ئایەتوڵلا خومەینی، تا وێڕای پیرۆزباییکردن لێی بەبۆنەی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامییەوە، هەروەها بیروڕای سەبارەت بە کوردستان و مافەکانی گەلی کورد بزانن. شاندی حیزبی دیمۆکرات بریتیبوون لە:

**دوکتور قاسملوو، غەنی بلووریان، ئەمیر قازی، سەتار مامەدی، محەمەد ئەمین سەراجی، ئەحمەد قازی، نەبی قادری و، جەلیل گادانی.**

**سەنار مامەدی لە پەرتۆکێکیدا بەنێوی "(حمله، اعدام یورش و یاوەسرایی بلوریان و فهرستی از خاطرات سیاسی من) کە بەفارسی بلاویکردووەتەوە، بەدرێژی باسی دیدارەکەیانی نووسیوە کە کاکڵ و پۆختەکەی بەمجۆرەیە:**

« ئایەتوڵلا خومەینی لەنێو ژوورێکی ئاسایی لەسەر پەتوو (بەتانی) یەک دانیشتبوو. ئێمەش بەرامبەری دانیشتین. ئایەتوڵلا خومەینی پرسیاری کرد: "شێخ عیزەدین بۆچی نەهاتووە؟" دوکتور قاسملوو گوتی، ئیمام، ئەو نەخۆشە!

خومەینی گوتی، هەگەر بیویستایە، ئەمن فەرمانم دەدا بە هەلیکۆپتەر بیهێنن. «بۆ لاپەڕە ۳۳»